کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:44:32 28-4-2007

**ئەگەر پشتیوانی خوایی نەدەبوو... بورهان محەمەد ئەمین**

ئەوەی کە سەرنجی مێژووی ئیسلام بدات، سەری سوڕ دەمێنێ لەوەی کە ئەم ئاینە چۆن ماوە لەگەڵ بوونی ئەم هەموو لق و پۆپ و دەستە گرۆ و مەزهەبە جۆراوجۆرانەدا، کە بەناویەوە هەن و گەلێکیشیان لەژێر چەترەکەی ئەودا خەریکی گێڕانی پیلانی زەبەلاح و نەخشەی سامناك بوون و دەبن!!

سەیر لەوەدایە هێشتا پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) خۆی لە ژیاندا بوو، دەستەیەك پێغەمبەرە درۆزنە، یان بەناو پێغەمبەر پەیدا بوون، کە بەناوبانگترینیان (مسیلمة) بوو.

(مسیلمة) جورئەتی دا بە خۆی و نامەیەکی ئاراستەی پێغەمبەر (د.خ) کرد و تێیدا نووسی "لە (مسیلمە)ی پێغەمبەری خواوە بۆ (محەمەد) پێغەمبەری خوا، با ڕێکەوین پێکەوە زەوی دابەش بکەین، نیوەی بۆ من و نیوەی بۆ تۆ"!! پێغەمبەر (د.خ) کاتێ کە نامەکەی بەدەست گەیشت، فەرمانی دا کە بۆی بنووسن: "لە (محەمەد) پێغەمبەری خواوە بۆ (مسیلمە)ی درۆزن (ان الارض لله یورثها من یشاء من عباده و العاقبة للمتقین)"، واتە: "لە ڕاستیدا زەوی موڵکی خوایە و دەیبەخشێت بە هەرکەسێ کە ئەو زاتە ویستی لەسەر بێت لەنێو بەندەکانیدا، دەرئەنجام و سەرئەنجامی چاك و باشیش تەنها بۆ پارێزگار و تەقوادارانە".

ئیتر ئەوە بوو دوای چەند مانگێك پێغەمبەر (د.خ) وەفاتی کرد، ئیتر موسەیلەمە بە فرسەتی زانی و ئەوەندەی تر فوی کردە خۆی و کەوتە پڕوپاگەندە و، دەیوت ئیتر پێغەمبەرایەتی بۆ من یەکلایی بۆتەوە، من ماوم و (محەمەد) مرد!!

جا بێگومان ئەوە تەنها کێشە و کۆسپ نەبوو، بەڵکو زۆرێك تیرە و تایەفەکانی ئەو سەردەمە، کە هێشتا ئیمان و باوەڕ لە دڵ و دەروونیاندا نەچەسپیبوو، هەڵگەڕانەوە.

خەلیفە (ئەبوبەکر) وتی: ئەوەی محەمەد (د.خ) دەپەرستێ، وتی"محەمەد وەفاتی کرد، بەڵام ئەوەی خوا دەپەرستێت، ئەوە ئەو زاتە هەمیشە زیندووە و هەرگیز نامرێت"، ئیتر ئەوە بوو لەشکرێکی گەورەی ناردە سەر (مسیلمە)، کە خەڵکێکی زۆری خەڵەتاندبوو، توانرا دوای قوربانییەکی زۆر ـ کە دەیەها قورئان لەبەری تێدا شەهید بوون ـ (مسیلمە)ی درۆزن و هەڵخەڵەتاوان تەمێ بکەن.

لەوەودوا هەموو جەنگ و ناکۆکییەکان کە بە پیلانی ناحەزان لەنێوان هاوەڵاندا سەری هەڵدا، خەلیفە (عوسمان) شەهید کرا و دەرئەنجام بوو بەهۆی ناکۆکییەکی گەورەی نێوان خەلیفە (عەلی) و (معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان)، جەنگی (صفین) و (جمل) و (نهروان)ی لێ کەوتەوە و بە شەهیدکردنی خەلیفە بە دەستی (خوارج) کۆتایی هات!

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:44:32 28-4-2007

دواتر بەرپاکردنی دەوڵەتی ئەمەوی و شەهیدکردنی حەزرەتی (حسێن) بە شێوەیەکی دڵتەزێن لە سەردەمی دەوڵەتی (یەزیدی کوڕی معاویـە)دا.. پاشان دوای سـەدەیەك لـە فـەرمانڕەوایی دەوڵـەتی ئەمـەوی، دەوڵـەتی عەباسـی سـەریهەڵدا و بـۆ مـاوەی چـەند سـەدەیەك فـەرمانڕەوا بـوو، پاشـان هـاتنی لەشـکری تەتـەر و مـەغۆل لـە ڕۆژهـەڵاتی دوورەوە بۆ سەر بەغدا، ئەوە بـوو لـە هێرشـێکی دڕندانـەدا لـە سـاڵی (656)ی کۆچیدا کەوتنە ڕەشەکوژیی سەرجەم دانیشتووانی بەغدا، تەنانەت خەلیفە و خانەوادەشی لەو پـەلامارە ڕزگاریـان نـەبوو و سـەر بـڕان، هەنـدێ مێـژوونووس دەڵێن: لـە مـاوەی (40) ڕۆژدا لە شاری بەغدا هەزار کـەس، واتـە ملیۆنێـك .. هەنـدێکیش وتوویانـە دوو هـەزار، واتە دوو ملیۆن کەس شەهید کراون.

دواتریش بەرپابوونی دەوڵەتی عوسمانی لە تورکیا و سەفەوی لە ئێـران و شەڕوشۆڕی نێوانیان، هەروەها دروستبوونی دەیـەها میرنشین و بـەرپابوونی دەوڵـەتی مـەمالیك لـە میسر و دەیەها کێشمەکێشی تـر لـە سـەر دەسـەڵات بـە نـاوی ئایینـەوە، هـەموو ئەوانـە مشتێکن لە خەروارێك، کە ئادەمیزادی بیرتیژ و خاوەن هەست سـەری سوڕ دەمـێنێ کـە چۆن لەناو ئەم هەموو فیتنە و ئاشوبەدا ئـاینی ئیسلام مایـەوە؟! چۆن قورئـان بـە بـێ دەستکاری پارێزرا؟! چۆن هەمیشە دەسـتە و گرۆیـەکی چاك و پـاك بـوون و هـەن، کە داکۆکی لە ئیسلام و لە قورئان دەکەن.

لە ڕاستیدا هەندێك بە چاویلکەی ڕەشەوە دەڕوانن بۆ مێژوو و تانە لـە ئیسلام دەدەن و چاوپۆشی لەو خزمەتە گەورانـە دەکـەن کـە ئـەم ئاینـە پێشکەشـی گـەلانی موسـڵمانی کـردووە لـە رووی زانسـتی و کۆمەڵایـەتی و ڕەوشـتییەوە.. خۆیـان وێـڵ و گێـل دەکـەن لەوەی کە هۆکاری سەرەکی پابەندنەبوونی خەڵکییە بە پەیامی ئیسلام، هەر بۆیە زوڵم و ستەم و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ ڕوودەدات و ئەم ئاینە بەرییە لە هەموو ستەم و ستەمکارییەك.

شایانی باسە هۆشیاران و بیرمەنـدان چاك هەسـت بـە پشـتیوانیی خـوایی دەکـەن، کە بەردەوام لە ئاینەکەی و لە قورئانەکەی کردوویـەتی و دەیکات: (إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ)، یاخود هەوڵ و کۆششـی ناحـەزان بـە فـو دەداتـە قەڵـەم و بـێ ئاکام دەیخاتە روو (يُرِيدُونَ أَنْ يُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَيَأْبَى اللَّـهُ إِلاَّ أَنْ يُتِمَّ نُورَهُ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ) التوبە (32).

بە تایبەت کاتێك لەم سەردەمەدا کە ئەم هەموو پیلانە زەبەلاحانـە نەخراونەتـە کـار و هەوڵەکان چڕو پڕ کراونەتەوە و ناحەزان تۆمـەتی ئیرهـاب و تونـدڕەوی دەدەنـە پـاڵ خودی ئاینی ئیسلام.

لەلایـەکی تریشـەوە دەروون نەخۆشـەکانی نـاوخۆش کەوتوونەتـە خۆیـان و قەڵەمـە ژەنگاوییەکانیان خستۆتە کار بە ناوی ئازادیی بیروڕاوە، بـێ گوێـدان بـە برینـدارکردنی هەست و شعوری ملیۆنـەها موسـڵمانی کـورد و دەیـەها ملیـۆنی موسـڵمانی دیکـە، وڕێنـە دەکەن و ڕەخنەی نابەجێ لە قورئان و فەرموودە دەگرن بەدوور لە هـەموو بنەمایـەکی

زانستی، لە حاڵێکدا ڕۆژێك لە ڕۆژان نەمانبینی و نەمانبیست بچووکترین ڕەخنە لە شەیتان پەرست و گاپەرستەکان بگرن، یاخود تانە و شەڕ بدەن لە بتپەرستانی چین و ژاپۆن، کە ملیارێك زیاترن!! کە لەم سەردەمی زانست و تەکنۆلۆژیایەدا بەردەوامن و دەستبەرداری نابن.

جا با ئەوانە هەر فوو لە خۆر بکەن، ئایا دەتوانن بیکوژێننەوە! خۆ ئیسلام نوری خۆر نییە، بەڵکو نوری خواییە، لەبەر ئەوە ئەستەمە هیچ کەس و هیچ هێزێك بتوانێت ئەو نورە بکوژێنێتەوە.

ئێستا کەناڵە ئیسلامییە ڕەسەنەکان و سایتە ئیسلامییەکانی تۆڕی ئینتەرنێت خۆیان کردووە بە هەموو شوێن و ماڵێکدا و حەقیقەتی ئیسلام دەخەنە بەر دیدی خەڵکی بە دەیەها زمانی جیاواز، لەبەر ئەوە هەموو پیلان و نەخشەکان دەشکێتەوە بەسەر خاوەکانیاندا.

ئێستا دوای ڕووداوەکانی (11)ی سێبتەمبەر ساڵانە پتر لە بیست هەزار کەس لە ئەمریکا موسڵمان دەبن و ئەو ژمارەیە ساڵ بە ساڵ ڕوو لە زیادییە.

ئەو کاریکاتێرانەی کە لە ڕۆژنامەیەکی دانیمارکیدا بڵاو کرایەوە، سەرنجی ڕۆشنبیرەکانی ڕاکێشا و پتر لە (50) کەس تێکڕا ئیعلانی موسڵمانبوونی خۆیانیان کرد و کەوتنە داکۆکی لە ئیسلام و پێغەمبەری ئیسلام.

لە حاڵێکا هەندێ لە عەلمانییەکانی لەمەڕ خۆمان لە کەناڵە عەلمانییەکانەوە هەر سەرگەرمی مێزگرد و بەرنامەی تایبەتن و جورئەتیش ناکەن ئیسلامییەك بانگەشە بکەن تا بەرپەرچی تۆمەتە ناڕەواکان بدەنەوە، خۆیان هەم (خَصْم) و هەم (حَكَم) ناحەز و داوەریشن لە هەمان کاتیشدا، تەنانەت ئەوەش ڕەچاو ناکەن کە پاپا داوای لێبوردن دەکات کاتێك کە گوفتارێکی ناڕەوای لەدەم دەربچێت بەرامبەر ئیسلام.

شایانی باسە کاروانی دینداری و خواناسی لە قوڵایی مێژووەوە کەوتۆتە ڕێ و بەردەوامیش کۆسپ و تەگەرە و کێشەی هاتۆتە ڕێ، بەڵام بێباکانە کۆڵی نەداوە و کۆڵیش نادات، تا سەرئەنجام بە سەربەرزی و سەرفرازی دەگاتە مەنزڵ، ئەوسا هەموو شت ڕوون و ئاشکرا دەبێت!!